سودانی سەرکایەتی چوارمین کەبوونەوەی لیژنەی باڵای ئاوی کرد

سەرکی ئەنجومەنی وەزیران مەحەمد شیاع سودانی ئەمڕۆ دووشەممە سەرکایەتی چوارمین کەبوونەوەی لیژنەی باڵای ئاوی کرد. نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرکی ئەنجوومەنی وەزیران لەڕاگەیەندراوێکدا باویکردەوە" لە کەبوونەوەکەدا تاوتوێی بارودۆخی ئاو و سەرچاوە ئاوییەکان کرا و پێداچوونەوەیان بە جێبەجێکردنی پلانی کشتوکاڵی کرد بە پێی ئەو پشکانەی ئاو کە بە پارێزگاکان پێسند کراون. لە میانی کەبوونەوەکەدا داوای لابردنی پێشێلکارییەکانیان کرد لەسەر ڕووباری دیجلە لە پارێزگای بەغداد و سەرکی ئەنجومەنی وەزیران فەرمانی کرد گواستنەوەیەکی دارایی بە وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکان ئەنجام بدرێت بە مەبەستی ئەنجامدانی ڕووپێشکردنی کێنارکانی ڕووبارەکە بە بڕی هاوشان لەگەڵ ڕێگای سیندیباد لە بەغداد. هەروەها پێرۆپەدانی بەرنامەی ژینگە و ئاو لە نەو بەرنامەکانی لیژنەی باڵای ئاود پێسند کرا لەگەڵ دامەزراندنی سندوقێک بۆ پشتگیریکردنی توژینەوە و دەستپێشخەریەکان بۆ پێرۆپەدانی سەرچاوە ئاوییە ناوخۆییەکان، و پێسندکردنی ڕاسپاردەکانی وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کەمی ئاو و کاریگەرییەکانی لەسەر جۆرایەتی ئاوی ڕووباری دیجلە و فورات و شەت ئەلعەرەب. هەر لە کەبوونەوەکەدا تاوتوێی چەند دێسیە و بابەتێک کرا کە گرنگترینیان ئەوەیە وەزارەتی دەرەوە داوایەک پیشکێش بە لایەنی تورکیا بکات بۆ زیادکردنی ڕێژەی

ئاوی ڕووباری فورات لەسەر سنووری تورکیا و سوریا و زیادکردنی ڕێژەی ئاوی ڕووباری دیجلە لە بەنداوی ئێلیسە. هەروەها جەخت لەوە کرایەوە کە ئەمیندارییەتی بەغداد و وەزارەتەکانی ئاو لە هەموو پارێزگاکان کرێی ئاو بگوڕێی ئەو نرخە کەبکەنەوە کە پەسەندکراوە و دەست بکەن بە دامەزراندنی پێڕەکانی فلتەرکردنی ئاو لە چوارچێوەی ئەو پێڕانەی کە ئێستا کار دەکات بۆ باشترکردنی کوالێتی ئاوی خواردنەوە. لیژنەکە هاسپاردەیەکی بۆ ئەنجومەنی وەزیران کرد بۆ پەسەندکردنی ڕێکارەکانی تایبەت بە چارەسەرکردنی کێشەکانی ئاو و لافاو لە هەرێمی کوردستان